www.xebat.net
پێنج شەممە 2017/10/12 ژمارە (5368)

سەبارەت بە پشووی ڕۆژی شەممان بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر لەگەڵ سەرپەرشتیارانی کارگێڕی و باخچەی منداڵان کۆبۆوە

دوێنێ چوار شەممە /2017 10/11 مامۆستا (بەشدار عەبدولخالق خۆشناو) بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر و هەریەک لە یاریدەدەرانی سەرپەرشتیکردن مامۆستا (نەبیل موحسین) و خاتوو (ژیان عەفان) و (سالار کمال) لەگەڵ ژمارەیک لە سەرپەرشتیارانی کارگێڕی و باخچەی منداڵان و نوێنەری بەڕێوەبەری قوتابخانەکان کۆبۆوە .

سەبارەت بە پرسی پشووی ڕۆژی شەممان بۆ قوتابخانەکان و تاوتۆ کردنی ئەو بابەتە ڕاو سەرنجی سەرپەرشتیاران و نوێنەری بەڕێوەبەری قوتابخانەکان وەرگیرا کە لەچەند ڕۆژی ڕابردوو دەنگۆیەکی زۆری لێوە دروست ببوو بۆ ئەو مەبەستە گەیشتن بە خاڵی هاوبەش کە بەنووسراوێکی فەرمی ئاڕاستەی وەزارەتی پەروەردە دەکرێت بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر لە ووتەیەکیدا بۆ ئامادەبوانی کۆبوونەوەکە ووتی هەرچی لەتوانامانداە بێت بۆ خزمەت بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن ئامادەین و بەردەوام لەهەوڵی چارەسەرکردنی گونجاوین لەبەر باری گوزەرانی مامۆستایان و نەمانی گرفتەکانی بەشەوانە و کارگێڕی قوتابخانەکان بەپێویستمان زانی لەگەڵ وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرانی گشتی لە وەزارەتی پەروەردە بۆ بڕیاردان لەسەر پێشنیاری پشووی ڕۆژی شەممان دواتر لەبەر ناڕەزایی زۆرێک لەبەڕێوەبەری قوتابخانەکان و بۆ بەرژەوەندی بەڕێوەبەری ناوەندەکانی خوێندن لەبەرچاو گرتنی ڕاو سەرنج و پێشنیارەکانیان داوکارییەکانی ئەمڕۆی کۆبوونەوەکەمان بۆ وەزارەتی پەروەردە بەرز دەکەینەوەو بەو هیوایەین لەبەرژەوەندی ئەوانداببێت و سوپاسی هاوخەمی و دڵسۆزانی پەروەردەی کرد بەتایبەت بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و دەست خۆشییشی لە سەرپەرشتیاران و مامۆستایان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن.

کاندیدانی ماستەر و دکتۆرا:
تکایە لە خوێندن بێبەشمان مەکەن

دەیان کاندیدی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا (کە هەڕەشەی تەرقین قەیدیان لێکراوە، ئەگەر لە ماوەی ساڵێکدا لە تاقیکردنەوەی ئایەڵتس کۆی پێنج نمرە بەدەست نەهێنن)، لە بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی خۆپیشاندانیان ئەنجامدا. ئەو کاندیدانە یادداشتێکیان بەرز کردەوە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و تێیدا داوایان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا کرد، بۆ ئەمساڵ ڕەچاوی ڕەوشی ئابووری و قەیرانی دارایی خەڵکی کوردستان بکات. هەروەها داوایانکردووە، مەرجی داواکردنی توانای ئینگلیزی دوابخرێت بۆ کاتی تاووتوێکردنی تێزەکانی ماستەر و دکتۆرا و لە ئێستادا ڕێگە بە کاندیدەکان بدرێت، دەست بە خوێندنی کۆرسەکانی ماستەر و دکتۆرا بکەن. ئەو کاندیدانە کە لە سەرەتای ئەمسالەوە لە خوێندنی باڵا وەرگیراون، بە هۆی نەبوونی توانستی زمانی ئینگلیزی لە خوێندن بێبەشکراون و مەرجیشیان لەسەر دانراوە کە دەبێت لە ماوەی یەک ساڵدا تاقیکردنەوەی ئینگلیزی بکەن و نمرەی 5ی ئایەڵتس بەدەستبهێنن، بە پێچەوانەوە لە مافی خوێندن و وەرگرتن لە خوێندنی باڵا بێبەشدەکرێن و تەرقین قەید دەکرێن. ئەو کاندیدانە لە ماوەی ڕابردووداو چەندینجار هەوڵیانداوە ئەو داواکارییەیان بگەیەننە بەرپرسانی وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەڵام تا ئێستا وەزارەتی خوێندنی باڵا ئامادە نییە داواکارییەکانیان جێبەجێ بکات و جەخت لە جێبەجێکردنی بڕیار و ڕێنماییەکانی ئەنجوومەنی وەزارەتەکە دەکاتەوە. یەکێکی دیکە لە پێشنیازی کاندیدەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان، کەمکردنەوەی مەرجی نمرەی تاقیکردنەوەی ئایەڵتسە لە5 نمرەوە بۆ 4 بەو پێیەی زۆرینەی خوێندن لەبەرچاو گرتنی ڕاو سەرنج و پێشنیارەکانیان داوکارییەکانی ئەمڕۆی کۆبوونەوەکەمان بۆ وەزارەتی پەروەردە بەرز دەکەینەوەو بەو هیوایەین لەبەرژەوەندی ئەوانداببێت و سوپاسی هاوخەمی و دڵسۆزانی پەروەردەی کرد بەتایبەت بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و دەست خۆشییشی لە سەرپەرشتیاران و مامۆستایان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن.

دابینکردنی جانتا و پێداویستی خوێندن بۆ قوتابیان لە سنوری ئیداری گەرمیان بەردەوامە

بەمەبەستی پشتیوانی کردنی قوتابیان لە پرۆسەی خوێندندا دەزگای خێرخوازیی بارزانی جانتا و پێداوستی خوێندن پێشکەشی 314 قوتابی لە 9 قوتابخانەی سنوری ئیداری گەرمیان دەکات.

ڕێکەوتی 2017/10/10 دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە سێکتەری پەروەردەدا قوتابخانە بنەڕەتییەکانی 9 گوند لە سنوری ئیدارەی گەرمیاندا بەسەر دەکاتەوە و جانتا و پێداویستی خوێندن پێشکەشی 314 قوتابی دەکات.

قوتابیانی پۆلەکانی 1 هەتا 6ی بنەڕەتی لە گوندەکانی (پیازە جار، سماق، سەید جەژنی، فتاح عمر، کانی ماران، کۆڵەجۆی حەمەجان، کارێزەی حەمەکەیفە، کەوا چەرموو و توران شێخ سەلام) لە هاوکارییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی سود مەند دەبن.

لە چالاکییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە ئیدارەی گەرمیاندا هەتا ئێستا 724 قوتابی لە 16 قوتابخانەدا جانتا و پێداویستی خوێندنیان پێشکەش کراوە.

ئەم هاوکارییانەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی پێداویستی خوێندنی ساڵێکی قوتابییەکان پردەکاتەوە و پاڵپشتییەکی مادەی باشە بۆ خێزانی قوتابییەکان و مەبەست لێی پشتیوانی کردن و هاندانی قوتابییەکانە بۆ بەردەوامی دان بە پرۆسەی خوێندن و سەرکەوتنیان.

جێگای ئاماژە پێکردنە سالانە دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە سێکتەری پەروەردەدا چالاکی جۆراوجۆر بەڕێوەدەبا ، کە هەتا ئێستا بریتیبوون لە (دروستکردن و نۆژەن کردنەوەی قوتابخانەکان و دابینکردنی پێداویستی خوێندن بۆ قوتابخانەکان و قوتابیان و هەروەها خولی تایبەت بە فێرکردن و بارهێنان) کە ئەم چالاکییانە بە سپۆنسەری و هاوکاری ڕێکخراو و خێرخوازە هەرێمی و جیهانییەکان بەڕێوەدەبرێن.

هاتوچۆی گەرمیان بۆ پاراستنی گیانی قوتابیان تاسەی پلاستیکی لە شەقامەکان دانا

خەبات ـ سەبریە یوسف: بۆ پاراستنی گیانی قوتابیان لە ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە سنوری ئیدارەی گەرمیان هەڵمەتی دانانی تاسەی پلاستیکی ئەنجامدرا. لەو بارەوە، نەقیب کارزان مەجید، بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی ئیدارەی گەرمیان، بەخەباتی ڕاگەیاند" لەلایەن تیمەکانی بەشی ئەندازەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی ئیدارەی گەرمیانەوە دەستکراوە بە دانانی تاسەی پلاستیکی لەزۆربەی ئەو ڕێگایانەی ناوشاری کەلار و دەوروبەری کە ڕاستەڕێگەی هاتوچۆی قوتابیانە بۆ قوتابخانەکان. وتیشی " ئامانج لەم هەڵمەتە بۆ پاراستنی گیانی منداڵانە لە ڕووداوەکانی هاتوچۆ .

ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ڕێز لە ژمارەیەک پزیشک و کارمەندانی تەندروستی دەنێت

خەبات- فاتیح بەرزنجی: دوێنێ بەئامادەبوونی دکتۆر سامان بەرزنجی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر و بە جێگری ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر لە نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری لەپای ئەو هەموخزمەتانەی کە کردوویانە سوپاس و پێزانینی پێشکەش بە بەڕێوەبەرو دەستەی کارگێڕی و پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی نێو نەخۆششخانەکە کرد. لە وتەیەکدا جێگری ئەنجومەنی پارێزگای هەولێرو بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر ئاماژەیان بە ڕۆڵ و ئەرک و ماندووبوونی ئەواندا بۆ ئەو هەموخزمەتانەی کە پێشکەش بە هاوواڵتیانیان کردووە.

50%ی هێڵەکانی ئینتەرنێتی عێراق لە کوردستانەوەیە



بە دەیان کۆمپانیای ئینتەرنێت لە کوردستان کار دەکەن، نیوەی هێڵەکانی ئینتەرنێتی عێراقیش بەنێو خاکی کوردستاندا دەڕۆن، وەزیرێکیش ئاشکرای دەکات، عێراق ناتوانێت ئینتەرنێتی کوردستان ببڕێت.

ئەندام عومەر، شارەزای بواری ئای تی و سەرۆکی ڕێکخراوی تێک ئای بۆ تەکنەلۆژیای زانیاری، ئەوە بۆ باس ڕوون دەکاتەوە کە سەرچاوەکانی ئینتەرنێتی کوردستان لە کوێوە دێن.

گوتی: ئێستا 27 کۆمپانیای خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت-internet pro vider لە کوردستان هەیە، بەڵام تەنیا 3کۆمپانیای سەرەکیی هەن و ئەو24 کۆمپانیایەی تر لەو3 کۆمپانیا سەرەکییە وەریدەگرنەوە. ڕوونی کردەوە، هێڵی ئینتەرنێتی فایبەر ئۆپتیکی هەولێر و دهۆک تەنیا یەک هێڵە و لە تورکیاوە دێت، گوتیشی: هێڵی ئینتەرنێتی فایبەر ئۆپتیکی سلێمانی و هەڵەبجە، تەنیا 2 هێڵە و لە ئێران و ئەویش لە ئازەربایجانەوە وەری گرتووە. ئەو شارەزایەی ئای تی ئاشکرای دەکات، لە 50%ی هێڵەکانی ئینتەرنێتی عێراق لە کوردستانەوەیە، گوتیشی: عێراق بە شێوەیەکی گشتی لە چوار لاوە ئینتەرنێتی پێ دەگات، لە هەولێر و سلێمانی و بەندەری فاو، لەگەڵ ئوردن، کە تا ئێستا ئەم پرۆژەیە کاری تێدا دەکرێت و تەواو نەبووە.

سەبارەت بەوەی ئەگەر حکوومەتی عێراق داوای ڕاگرتنی ئینتەرنێتی کوردستان بکات چی ڕوو دەدات، ئەو گوتی: لە ئەگەرێکدا گەر حکوومەتی ناوەند داوای ڕاگرتنی هێڵی ئینتەرنێت لە تورکیا و ئێران بکات، ئەوا بەشێکی زۆری ناوەڕاست و باشووری عێراقیش بێ ئینتەرنێت دەبن، لە حاڵەتیکدا گەر داوا بکەن لە کۆمپانیا کوردییەکان، هێڵی کوردستان و هی عێراق دەستکاری نەکەن، ئەوەش زەحمەتە بکرێت. جەخت دەکاتەوە، جگە لە هێڵی فایبەر ئۆپتیک، هەرێمی کوردستان خاوەنی چەند هێڵێکی تری مانگی دەستکردە. مەولود باوەمورادە، وەزیری گواستنەوە و گەیاندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە باسی ڕاگەیاند، لە هەوڵدان لە هەموو شارەکانی کوردستان هێڵی ئینتەرنێت هەبێت، ئێستاش لە ڕێگەی کۆمپانیایەک بە ڕێگەی کێبڵی تیشکی ئینتەرنێت دابەش دەکرێ. گوتیشی: ئێستا 52 کۆمپانیا لە هەرێمی کوردستان ئینتەرنێت دابەش دەکەن و کێبڕکێ هەیە، لەوەی کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت باشترین خزمەتگوزاریی خۆیان پێشکەش بکەن، فشاری ئەوە لە کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت دەکەین، خزمەتگوزارییەکانیان باش بکەن و گفتوگۆشیان لەگەڵ دەکەین.

جەخت دەکاتەوە: هێڵەکانی ئینتەرنێت لە کوردستان نرخەکانیان و خێراییەکانیان جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە لەگەڵ وڵاتانی تر، ئێمە بەڕاوردمان کردووە بە وڵاتان، بۆ نموونە بە تورکیا جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە. ئاشکرای کرد، عێراق ناتوانێ هێڵی ئینتەرنێت ببڕێت، چونکە سەرچاوەی دابینکردنی ئینتەرنێتی هەرێمی کوردستان لە ئەوروپایە، گوتیشی: :دەنگۆی بڕینی هێڵی ئینتەرنێتی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە ڕەت دەکەینەوە و ڕای دەگەیەنین،کە بەهۆی ئەوەی دابینکاری هێڵی ئینتەرنێتی هەرێمی کوردستان لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی ئەوروپاوەیە و بە ترانزێت لە ڕێگەی تورکیا و ئێران دەگاتە لای خۆمان، بۆیە بەغدا ناتوانێت ئەو کارە بکات.

ئومێد محەمەد، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاند بە باسی ڕاگەیاند، ئینتەرنێت لە کوردستان گەشەسەندنێکی خێرای بەخۆیەوە بینیوە، گوتی: :ئێستا زیاتر لە 25%ی خەڵکی کوردستان ئینتەرنێت بەکار دەهێنن، بۆ یەکەم جار کە ئینتەرنێت هاتە کوردستان لە ساڵی1999 لە دەستی حکوومەت بوو، کەرتی تایبەت نەبوو، پاشان ساڵی 2000 سەنتەری ئینتەرنێت پەیدا بوون، ئینجا کەرتی تایبەت هاتنە نێو بابەتەکە.

ئاماژەی بەوەش دا، ئێستا پێشکەوتووترین سیستەمی ئینتەرنێت کە پێی دەگوترێت L.T.E لە کوردستان هەیە، گوتیشی: کەرتی تایبەت ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پێشخستنی بواری ئینتەرنێت، کۆمپانیا هەیە 100 ملیۆن دۆلار و هەیە 50 ملیۆن دۆلاری لە وەبەرهێنانی ئینتەرنێتدا خەرج کردووە، بە گشتی بایی بە سەدان ملیۆن دۆلار لەم بوارە وەبەرهێنان کراوە.